**بەش : سینەماوشانۆ**

**کۆلێژ :هونەرەجوانەکان**

**زانکۆ : سەلاحەددین**

**بابەت : ڕێبازی توێژینەوە // سمستەری یەکەم**

**پەرتووکی کۆرس - قۆناغی خوێندنی باڵا - ماستەر**

**ناوی مامۆستا : پ.ی.د. سازە حسین رسول**

**ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣-٢٠٢٤**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | ڕێبازی توێژینەوە |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | پ.ی.د . سازە حسین رسول |
| 3. بەش/ کۆلێژ | سینەماوشانۆ |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: saza.rasul@su.edu.krd |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) | تیۆری: ٣ سێ کاتژێر لە هەفتەیەك |
| 6. ژمارەی کارکردن | ٣ کاتژێر لە هەفتەیەك |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | - پسپۆری گشتیم دەرونزانی پەروەردەیی یە... کە چەندین ساڵە لەم بوارەدا کار دەکەم و وانە دەلیمەوە.<br>بەدەست هینانی بروانامە :<br>بکالۆریۆس سالی 2002<br>- بەشداربوون لەخولی زمانی ئینکلیزی و بەشداربوون لەخولی فێربوونی کۆمبیوتەر 2003<br>- ماستەر سالی 2006<br>- بەشداربوون لەخولی زمانی ئینکلیزی 2009<br>- بەشداربوون لەخولی فێربوونی کۆمبیوتەر 2010<br>- ئەندام بوون لە سەنتەری ئاشتی بۆ پەرەپێدانی گەنجان 2010<br>- بلاوکردنەوەی سێ بابەت لە گۆڤاری کۆزانی سەر بە کۆلیژی پەروەردەی بنەرەتی / هەولێر 2013 و 2014<br>- بەدەست هینانی بروانامەی(دکتۆرا)سالی ٢٠١٥<br>-بلاوکردنەوەی توێژینەوەیەك بەناونیشانی ( الافکار اللاعقلانیه لدى طلبه جامعه صلاح الدين – أربيل ) / لە گۆڤاری زانکۆ / 2015<br>- بەشداربوون لەخولی ڕێگاکانی وانەووتنەوە 2015<br>- بەشداربوون لە خولی اکسل لە کۆلیژی پەروەردەی بنەرەتی / کۆمبیوتەر2015 بۆ ماوەی دوو هەفتە<br>- بەشداربوون لەۆرکشۆپی جۆنیەتی پرسیار دانان و هەلچنین 2015 بۆ ماوەی دوو رۆژ.<br>- بەژداری ویرکشۆپی فیرکردنی ئەلیکترۆنی سەنتەری ئیبن سینا لەمانگی 12 / 2016 بۆ ماوەی 2 رۆژ .<br>- سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەی دەرچوونی قوتابیان بۆ چەندین سال و سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەی ماستر.<br>- چەندین بەشداری ترو وەرگرتنی سوپاس و پیزانین .<br>- وەرگرتنی سوپاس و پیزانینی سەرۆکی زانکۆ بۆ چەندەم جار بۆ پرۆسەی دلنیایی جۆری بۆ مامۆستای نمونەیی سالَ .<br>- بەشداریکردنی ۆورکشۆپی سەنتەری ابن سینا بۆ ماوەی 3 رۆژ لە مانگی 11 2018.<br>بەشداریکردنی ۆورکشۆپی ستۆدیۆی موزیك بۆ ماوەی 2 رۆژ زانکۆی سەلاحەدین کۆلیژی هونەرە جوانەکان مانگی 11 لە 2018 .<br>- بەشداریکردنی ۆورکشۆپی بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی بۆ سالی ٢٠١٨-٢٠١٩ ی زانکۆی سەلاحەدین مانکی 11 .<br>- بەشداریکردنی ۆورکشۆپی بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی بۆ سالی٢٠١٩-٢٠٢٠ |

| | |
|---|---|
| ی زانکۆی سەلاحەدین .<br>- بەشداریکردنی ۆورکشۆپی بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی بۆ سالی ۲۰۲۰-۲۰۲۱ ی زانکۆی سەلاحەدین.<br>- ئەنجامدان و بەشداریکردن لە چەندین سمینارو ۆرکشۆپی تر تا ئیستا .<br>- ئەندام بوون لە چەندین لیژنەی وەک :<br>لیژنەی زانستی بەش و لیژنەی پلە بەرزکردنەوەی مامۆستایانی کۆلیژو لیژنەی تاقی کردنەوەی خویندنی بالا و تاقىکردنەوەی بەراییی و لیژنەی بەرزەفتی قوتابیان و فەرمانبەران و مامۆستایانی کۆلیژ .<br>- ئەنجامدان وبلاوبوونەوەی(۸) تویژینەوەی زانستی بۆ پلە بەرزکردنەوەوتوێژینەوەی دەرچوون.<br>- بەئەنجامگەیاندنی دوو تویژینەوەی ماستەر نامە لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە مانگەکانی ۷و۹ ی سالی ۲۰۲۳ کە یەکێکیان پلەی نایابی بەدەست هینا .<br>بەرزکردنەوەی پلەی زانستیم بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر .<br>دەست بەکاربوونم لە ۸-۲۰۲۳ وەک بەرپرسی یەکەی خوێندنی باڵا لەکۆلێژی هونەرە جوانەکان | |
| جەمك و ثێناسەکانی تویژینەوە Defines Research Concept Research<br>- سوودی تویژینەوە Research access<br>- ئامانجەکانی تویژینەوە Research Target<br>- قۆناغەکانی ریبازی تویژینەوە و تویژینەوەو تویژەری سەرکەوتوو رەوشت و اخلاقیاتی تویژەر و ئاستەنگەکانی(Difficulties) بەردەمی و کەرستەکانی کاری لیکۆلینەوە جۆرەکانی توێژینەوەو بەکارهینانی ویب سایت(Website)<br>- پلانی تویژینەوەو نەخشەکیشان ، هەلبژاردنی سامپل و ئامادەکردنی بیبلۆگرافیا پرۆپۆزل(Proposal ، کرداری یەکانی تویژینەوەو شیکردنەوەی زانیاری، بەرنامەی SPSS ئامرازە ئامارییەکان Stastistical دەرئەنجامەکانی تویژینەوە ، وجیاوازی نیوان ئەنجام و دەرئەنجام ،و نوسینەوەی تویژینەوە.خالبەندییەکانی توێژینەوەبەرنامەی تیرنیتن و لێوەرگرتن و نوسینی پرۆپۆزەل (Proposal) و بەرگری لێکردنی. هەڵسەنگێنەری زمانەوانی و هەڵسەنگێنەری زانستی | 9. وشە سەرەکیەکان |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

**گرنگی و پێویستی ئەم کۆرسە لەوە بەدەر دەکەوێت:**

**کە زانیاری و بنەمای گشتی و سەرەکی یەکانی تایبەت بە توێژینەوەی زانستی پێشکەش بە قوتابیان دەکات ، هەروەها قوتابی ئاشنا دەبێت بەچەمك و پێناسە و شێوازی زانستی و زانیاری و داتا کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای توێژینەوەکان ، وهەروەها قوتابی هەنگاوەکانی بیرکردنەوەی زانستی دەخوێنێت و تیشك دەخرێتە سەر هەر هەنگاوێکی ئەم بیرکردنەوەیە هەر لە ( دەست نیشان کردنی گرفت و جێ بەجێ کاریی یەکان و تا دەگاتە دوا هەنگاوی کی ئەنجام و دەر ئەنجامەکانە ) دواتر تیشك دەخرێتە سەر بەربەستەکانی بەردەم بیرکردنەوەی زانستی و ئەنجامدانی توێژینەوە .**

**قوتابی ئاشنا دەبێت بە چەمکی توێژینەوەی زانستی و توێژەری زانستی و پەروەردەیی، هەر لە دیاریکردنی پێناسە و مانای و چەمکی توێژینەوە و توێژەری زانستی،دواتر باسکردنی ڕێگەی زانستی و گرنگی توێژینەوەی زانستی و ئامانجەکانی توێژینەوەی زانستی وخاسیتەکانی توێژینەوەی زانستی ، وئەخلاقیاتی توێژەرو ، و ئامادە باشی و تواناکانی توێژەری زانستی ( لە لایەنی کەسایەتی و زانستی و پلانکاری و لۆژیکی و هونەری و هەڵسەنگاندنی) ، وئەو ئاراستانەی کە توێژەر دەبێ بڕوایان پێ ی هەبێ وەك ( کرانەوەی عەقڵی و دوورکەوتنەوە لە دۆگماتیزمی و بڕوا بوون بە قیمەتی فێربوون وفێرکردنی بەردەوام و تازە بوونەوە لە زانست و پەروەردە بە توێژینەوە و هێنانەوەی نمونەی وولاتانی پێشکەوتوو وەك ژاپۆن و مالیزیا و سەنتەرەکانی توێژینەوە لەم وڵاتانە) ، دواتر باسکردنی ئاستەنگەکان و بەربەستەکانی بەردەم ئەنجام دانی توێژینەوەکانیان ،دواترباس لە جۆرەکانی توێژینەوە دەکرێ( وەك توێژینەوەی مێژووی و توێژینەوەی وەسفی-بەهەموو جۆرەکانی- وتوێژینەوەی ئەزمونگەری) ،دواتر باسی ناوەڕۆك و بەشەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی دەکرێ(بەشی یەکەم – ناساندنی توێژینەوە ، بەشی دووەم – چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو – بەشی سێیەم – کرداری یەکانی توێژینەوە - بەشی چوارەم ئەنجامەکانی توێژینەوە و دەرئەنجام وڕاسپاردە وپێشنیارەکانی توێژینەوە - وچۆنیەتی نووسینەوەی لیستی**

سەرچاوەكان و پێشەكی و كورتەی توێژینەوە)، لەگەڵ ئەم بەشانە ئەم بابەتانەش دەخوێندرێ وەك هەڵبژاردنی سامپڵی توێژینەوە جۆرەكانی سامپل و شێوازە ئاماری یەكانی وەرگرتنی داتا و چۆنیەتی نووسینەوەی ئەنجام و شیكردنەوەیان ، دواتر چۆن پلان بۆ نووسینی ڕاپۆرتی توێژینەوەو پلان دانان بۆ توێژینەوەی تر .

**11. ئامانجەكانی كۆرس :**

– فیربوونی قوتابی بە چۆنیەتی هەلبژاردنی ریبازی گونجاو بە ئەنجامدانی تویژینەوەکەی .

– فێربوونی چۆنیەتی نوسینەوەی تویژینەوەکەی .

- فێربوونی بنەما سەرەكی یەكانی تایبەت بە توێژینەوە وریبازەكانی توێژینەوەی زانستی.
- باسكردنی تویژەرو توێژینەوە .
- ئاشنا بوونی قوتابی بە بیركردنەوەی زانستی .
- قوتابی لای روون بێ جۆرەكانی توێژینەوەو هەریەكەیان بەنمونەی زانستی شیبكاتەوە .
- قوتابی فیری ناوەڕۆك و بەشەكانی توێژینەوە و چۆنیەتی نوسینی تویژینەوە ببی .
- فێری چۆنیەتی كۆكردنەوەی سەرچاوە ببێ .
- فێری چۆنیەتی نوسینی سەرچاوەكان ببێ .

**12. ئەركەكانی قوتابی :**

- ئامادەبوونی بەردەوامی .
- ئامادە كردنی بابەتی سمینارى هەفتانە وەڵامدانەوەی پرسیاری تایبەت بە هەر بابەتێك .
- هەلبژاردنی (بابەت) ئارەزوومەندانە هەڵدەبژێرێ و پێشكەشی دەكات.
- ئامادەكردنی ڕاپۆرتی كێشەیەك وەك پلان بۆ توێژینەوە و دۆزینەوەی ناونیشانی توێژینەوەیەك .

**13- . ڕێگەی وانە ووتنەوە :**

- بەكار هێنانی شێوازی پرسیار و وەڵام دانەوەی ناو پۆڵ و بەكار هێنانی سلاید و داتاشۆ و بەكار هێنانی تەختە سپی و بەكار هێنانی ڕاپۆرت و سمینارو مینی ڕاپۆرتەكانی قوتابیان .

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن :**

كیوزی ڕۆژانە و پرسیار و وەڵامی رۆژانە .

- ئامادە كردنی بابەت بۆ پێشكەش كردن و ڕاپۆرت كردنی بابەتەكانی قوتابی ..بۆ هەر چالاكییەك نمرەی تایبەتی خۆی وەردەگرێ .
- تاقیكردنەوەی كۆتایی سمستەر.

.. كە پرسیارەكانیان جوارۆجۆر و هەمەرەنگ دەبێت و هەر پرسیارێك نمرەی تایبەتی خۆی بۆ دادەنرێ ... كە پرسیارەكان لەنێوان پرسیاری تێۆری و شیكاری ئاماری یە ... ونمونەی پرسیارەكانیش : پرسیاری تەرک هەیە :

پ 1 // هۆكاری ئەم بابەتانە بۆچی دەگەرێنیتەوە: نمرە

1– س .

2- س .

پ 2 // أ - وەڵامی تەنها دوو لق بدەرەوە : نمرە ( هەر لقێک 2 نمرەی لەسەرە )

1- س -2

3-س -4

پ3 // - س باس بكە ؟ نمرە

پ 4 // نمرە

أ - س ڕوون بكەرەوە ؟ نمرە

ب- خالی گرنگی س بنووسە ؟ نمرە

پ 5 // وەڵامی ئەمانە بدەرەوە : نمرە

أ- نمرە

ب- نمرە

پ ٦– جیاوازی ( س ) و ( ص ) ڕوون بكەرەوە وەک توێژەرێک لەبوارەكەی خۆت (سینەماو شانۆ)؟ نمرە

| | |
|---|---|
| **15. دەرئەنجامەکانی فێربوون :**<br>**لە کۆتایی کۆرسەکە قوتابی زانیاری هەبێ لەسەر ئەم بابەتانە :**<br>**- بنەما سەرەکی یەکانی توێژینەوە .**<br>**- شێوازی زانستی بۆ زانیاری و داتا کۆکردنەوە ببی .**<br>**- فیری شیکردنەوەی داتای توێژینەوەکان ببی .**<br>**- لە بەربەستەکانی بەردەم تویژەر لە رەوشت و ئەخلاقیاتی تویژەر تیبگات .**<br>**- خاسیتەکانی توێژینەوەی زانستی بزانی .**<br>**- لە جۆرەکانی توێژینەوەی پەروەردەیی و دەروونی دەکرێ ( وەك توێژینەوەی مێژووی و توێژینەوەی وەسفی – بەهەموو جۆرەکانی – و توێژینەوەی ئەزمونگەری ) بزانی.**<br>**- فیری نوسینەوەی تویژینەوە ببیت .** | |
| **16. لیستی سەرچاوە:**<br>**- جوکل ،علی محمود ( 1999) ،ریبازی لیکۆلینەوە ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین،هەولیر .**<br>**- خۆشناو ،نەریمان عبداللە (2016) ، پوختەیەك لە ریبازی تویژینەوە ، چاپخانەی هیڤی،هەولیر.**<br>**بۆکانی، سابیر. (2020)میتۆدی توێژینەوەی زانستی. چاپخانەی چوارچرا: سلێمانی. .**<br>**- ملحم ، سامی (2007) ، مناهج البحث في التربية وعلم النفس ، دار المسيرة للنشر والتوزيع . الاردن.**<br>**- ابو علام ، رجاء (2004 ) ،مناهج البحث في العلوم النفسية والتربوية ، دار الناشر للجامعات ، مصر.**<br>**- الزوبعي ، عبد الجليل و محمد احمد الغنام ، 1974 ،مناهج البحث في التربية ، مطبعة العاني ،بغداد.**<br>**سەرچاوەی سوود بەخش :-**<br>**- احمد سليمان عودة 1992 ، أساسيات البحث العلمي في التربية والعلوم الانسانية .**<br>**- محمود, خضير كاظم. ( 2008) منهجية البحث العلمى . طبعه الاولى للنشر و التوزيع, عمان.**<br>-<br>- | |
| **گۆڤار و ریڤیوو (ئینتەرنێت) :**<br>**http://www.pathways.cu.edu.eg مناهج البحث وكتابة مقترح للبحث**<br>**http://www.socialresearchmethods.net/ مناهج البحث** | |
| **17. بابەتەکان**<br><br>**هەفتەی 1 : - دەستەواژەی توێژینەوەی زانستی**<br>**- گرنگی تویژینەوە Research access**<br>**ئامانج لە تویژینەوەکردن Research Target**<br>**- جیاکارییەکانی تویژینەوەی سەرکەوتوو Successful Research**<br><br>**هەفتەی 2 :- تویژەر و ئەرک و مافەکانی ( Researcher لیکۆلەر)**<br>**- ئاستەنگەکانی (Difficulties) بەردەم تویژەر بەگشتی و توێژەری بواری سینەماوشانۆ بەتایبەتی وچۆنیەتی دەرباز بوونلیيان**<br>**- مۆرالی تویژەر**<br>**- تویژەری سەرکەوتوو Successful Researcher**<br><br>**هەفتەی 3 : ناونیشانی توێژینەوە**<br><br>**هەفتەی 4:- بەشەکانی توێژینەوەی زانستی**<br><br>**هەفتەی 5 :- چوارچیوەی تویژینەوە ( دیزاینی تویژینەوە ) Theoretical frameqork**<br>**بەگوێرەی رێنمایی**<br>**- نوسینەوەو پۆلینکردن و دارشتنەوەی زانیاری بە (رینمایی) لەنێو توێژینەوەدا** | **مامۆستای بابەت**<br>**/ پ .ی. د .**<br>**سازە حسین رسول** |

| | |
|---|---|
| - بەرنامەی پلاجیاریزم (الاستلال) چیە ؟<br><br>**هەفتەی 6:- خاڵبەندییاکانی توێژینەوە**<br>- نوسینەوەی سەرچاوە **reference** (شیکاغۆ- هارڤارد)<br><br>**هەفتەی 7 : - توێژینەوەی پێشووتر**<br><br>**هەفتەی 8: - کردارییەکانی توێژینەوە لەتوێژینەوەکانی بواری سینەماوشانۆ**<br>- سامپڵ - نمونە **Types of Sample**<br><br>**هەفتەی 9 : (ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری Data)تایبەت بە توێژینەوەکانی بواری سینەماو شانۆ.**<br>- ئامرازە ئامارییەکان **Stastistical** وشیکردنەوەی زانیاری **(Analysis of data)** لەریگەی بەرنامەی**SPSS**<br><br>**هەفتەی 10: - چەمکە جیاوازەکانی نێو توێژینەوە:-**<br>أ- مرۆیی و زانستی<br>ب- ئەنجام و دەرئەنجام<br>ت- پێشنیارو راسپاردە **Recommendations and suggestion**<br><br>- پاشکۆ کانی توێژینەوە **supplements**<br><br>**هەفتەی11 -:نوسینەوەی یەکەمی توێژینەوەکانی بواری سینەماوشانۆ و پاك نوسکردنی .**<br><br>**هەفتەی 12 : جۆرەکانی توێژینەوەی زانستی و چۆنیەتی دەست نیشان کردنیان .**<br><br>**هەفتەی 13: هەڵسەنگێنەری زمانەوانی**<br>- هەڵسەنگێنەری زانستی<br><br>**هەفتەی 14 : چۆنیەتی نوسینی پلان (Proposal) و بەرگری لێکردنی** | |
| | |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | نیە |

**19- ونمونەی پرسیارەکانیش :**

**هەمان نمونەی پرسیارو وەلامی خاڵی ١٤**

**20. تێبینی تر:**
**پێم وایە کێشەی هەر گەورەی ئەم بابەتە کەمی سەرچاوەی زمانی کوردی یە ... وبەڵکو زانکۆ هەول بدات بۆ چاپ کردن و وەرگێرانی کتێبە ئینگلیزی وعەرەبی یەکان بۆ زمانی کوردی لەلایەن کەسانی پسپۆرەوە .**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ :مامۆستایانی بەش:**